ڕێگای کوردستان
دووشەممە 9ی تەمموز (یۆلیۆ)ی 2001 ژمارە (461) سالی (57)

گفتوگۆیەك لەگەڵ بیرمەندی ئەمریکی (نیۆم چۆمسکی)
ئەوان ئەلتەرناتیڤێکی (کارامە)یان دەوێت بۆ صەدام

و/ عەلی حامد

(دیڤید بارسامیان)ی ژۆرنالیست، زنجیرەیەك گفتوگۆی لەگەڵ بیرمەندی ئەمریکیی پێشکەوتنخواز (نیۆم چۆمسکی)دا سازداوە، دواتر گفتوگۆکانی لە دوو نویێ کتێبێکدا بلاوکرانەوە بە ناونیشانی (سالنامەکانی کەرتبوون chronicles of Dissent)، لێرەدا گولبژێرێك لەو گفتوگۆیە دەخەینە پێش چاو کە سەبارەت بە مەسەلەی عێراق ئەنجام دراوە.

* لە سالانی هەشتاکاندا لیبیاو، ئێستاش عێراق، ئەرێ مەسەلە چییە؟

- قەزافی دەسەلاتێکی ستەمکاری سادەیە، بەلام صەدام حوسێن خوێنرێژکی گەورەیە. دەبێ بزانین کە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە مەبەسەلەکەوە، ئەو پێش دووی ئابی 1990 هەرچیو پەرچییەکی گەورە بوو، خراپترین تاوانەکانیشی لەو ماوەیەدا بوو کە مایەی سەرسوڕمانی هاوپەیمانی ئەمریکا بوو، ئێجگار زۆر لە لایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی لێدەکرا، بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ کە تاڕادەیەك لە ئاستی ئیسرائیل نزیك کەوتەوە.

من وامدەزانی ئیسرائیل تاکە ولاتێکە لە جیهاندا کە توانیبێتی کەشتیەکی ئەمریکی (کەشتی لیبرتی) بۆردومان بکاتو ژمارەیەکی زۆر لە دەریاوانە ئەمریکاییەکان بکوژێت، بێ ئەوەی دواتر سزایەکی توندی ئەو کردەوەیەی بدرێت. بەلام من بە هەڵەداچوو بووم، چونکە عێراقیش دەیتوانی ئەو کارە بکات. ئەوە بوو بۆردومانی کەشتی (ستارك)ی کرد لە کەنداوداو کۆمەلێك ئەمریکایی کوشتو وەك بەرزەکی بانانیش بۆی دەرچوو، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانێکی نزیك بوو، عێراق ئەم کارەی لە سالی 1987دا کرد، لەو ماوەیەدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پاڵ عێراقدا بوون لە شەڕیدا لە دژی ئێران. بارودۆخ بەو جۆرە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی تاوانەکە کرا (واتە تاوانی داگیرکردنی کوێت) چیدی نەدەتوانرا لەو تاوانەی صەدام ببورێن.

صەدام لە دووی ئابدا سەرپێچی لە فەرمانەکان کرد پاش ئەوەی تەنها بە چەند مانگێك جارێکی تر ئەمریکا پاڵپشتی لە صەدام دەکردەوە، مەسەلەکە نهێنی بوو. ئەوە بوو لە مانگی ئازاردا، پاش ئەوەی شەڕ راستەوخۆ راوەستا، وەختێك کە صەدام حوسێن رووبکردە سەرکوتکردنی ئەو راپەرینە چەکدارییەی کە لە دژی بەرپا بوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان بێدەنگ راوەستاو یارمەتیدا. ئەمە بە بەرچاوی هێزەکانی ئەمریکاوە روویدا، لەو کاتەدا کە عێراقییەکان هانایان بۆ هێزەکانی ئەمریکا دەبرد بۆ ئەوەی رێگایان بدەن هەندێ چەكو تفەنگ پەیدا بکەن تاوەکو بتوانن شەڕ لە دژی سەربازەکانی صەدام بکەن. (ستورمین نۆرمان) لەو شوێنەدا دانیشتبوو چاودێری هەڵوێستو بارودۆخەکەی دەکرد، لەوانەیە هاوکات خەریکی نووسینی یادەوەرییەکانیشی بووبێت. ناوبراو لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەیدا بە راشکاوییەوە وتی: بەلێ، ئێمە صەدام حوسێنمان خۆش گەرەك نییە، بەلام لە پێناوی ئارامیدا، دەبێ یارمەتی بدەین، واتە هێزەکانمان لە ناوچەکەدا بهێلینەوە. ناکرێ پەیامەکە بە هەڵەدابەین، چونکە روونو ئاشکراو رۆشنە. ئەمریکاییەکان صەدام حوسێنیان گەرەکە، ئەگەر چی ئیفلیجە، ئەوا ئەوان بوونەوەرێك، کەسێکی کارامەو لێهاتوویان دەوێت بۆ شوێنی صەدام حوسێن کە بتوانێ جارێکی تر وەك جاران چەپۆکی ئاسنین بەکاربهێنێت. هەر لەبەر ئەوە تاوانو تاوانکاری هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەکەوە نییە.

راستە صەدام دێوەزمەو شەیتانە، بەلام ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەکەوە نیە، ئەوەی کە پەیوەندی پێوە هەیە گوێڕایەلییە، ئەوە نموونەیەکی دێرینە لە دیرۆکدا. لەبەر کۆمەلێك هۆکاری هاوشێوە پشگیرییمان لە هیتلەرو مۆسۆلینی کرد لە سەرەتای دەسەلاتیاندا.

* ئەدی دەربارەی رۆلی نەتەوە یەکگرتووەکان لە قەیرانی دەسەلاتدا؟

- پێش هەرشتێك، نەتەوە یەکگرتووەکان بە کردەوە رەزامەندی خۆی پیشان نادات. لەدواوە ئەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە، لە کاتی شەڕی کەنداودا، نەتەوە یەکگرتووەکان قایلبوونی خۆی پیشان نەدا، بێ لایەن بوو، وەختێك کە زنجیرەیەك بڕیاری دەرکرد، ئەوەبوو کاتێك عێراق کوێتی داگیرکرد، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە 660ی دەرکرد، کە جۆرێکی باوە لەو بڕیارانەی کە لەپاش هەر کردەوەیەکی دوژمنکارانە دەدرێت. بڕیارەکە داوای کشانەوەی لە عێراق کرد. بەشێك لە بڕیارەکە راستەوخۆ لە بیرکرا، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکان تەحەمولی ناکات، بەشی دووەمی بڕیارەکە دەلێ دەبێ عێراقو کوێت دانوستان دەست پێ بکەن بۆ چارەسەر کردنی گرفتو کێشەکانی نێوانیان. بەلام ویلایەتە یەکگرتووەکان تەحەمولی ئەوەی نەدەکرد، چونکە دانوستانی گەرەك نەبوو. بەم جۆرە بەشی دووەمی مێژوو ترازێنراو، بەشی یەکەم مایەوە: پێویستە عێراق پاشە کشێ بکات. تەنها جیاوازییەکی نێوان ئەم بڕیارەو بڕیارەکانی پێشوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەریکردوون، لەوەدایە کە ئەمجارە بڕیارەکە پوچەل نەکرایەوە.

ئینجا زنجیرەیەك لەو بڕیارانە هاتنەپێش کە دواجار بوونە مایەی دەرچوونی دوا بڕیاری ژمارە 678کە بەو پەڕی ئاسانییەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەواوی دەستی خۆی لەمەسەلەکە کێشایەوە. ئەوەبوو لە دوا دوایییەکانی مانگی تشرینی دووەمی سالی 1990 نەتەوە یەکگرتووەکان وتی: تەماشاکەن، مەسەلەکە لە دەرەوەی دەسەلاتی ئێمەدایە، هەر دەولەتێکیش سەرپشکە لە هەر شتێك کە دەیکاتو وا هەست دەکات کە ئەو شتە قایلی دەکات. ئەوە یەکێك بوو لە هەرە هێرشو پەلاماری کاولکارەکان لە دژی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە شێوەیەك کە هەرگیز پێشتر شتی وا رووی نەدابوو. بەلگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێجگار رۆشنو ئاشکرایە، بە جۆرێك هیچ دەولەتێك ناتوانێ زەبرو زەنگ بەکاربهێنێت ئەگەر بەراشکاوی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە رێگای پێ نەدرێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کارەی نەکرد. لەبەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کارێکی ئەوتۆ دەکات کە وا هەست دەکات قایلی دەکات.

* کەواتە، ئەو بۆردوومانەی ئەوساو ئێستا کراو دەکرێت، یاسایی نییە!

- هەرگیز هیچ رێگایەکی پێنەدراوە، کەسیش ناتوانێ لافی ئەوە لێ بدات. وێڕای ئەمەش عێراقییەکان هەرچییەك لەگەڵ موشەکەکاندا بکەن، هەرچییەك بێ ئەو یاری و گەمانەی کە لەگەڵ رۆکێتدا دەیکەن، تۆ دەتوانی لەسەر چەند ئاستێکی تر گفتوگۆ لەو بارەیەوە بکەیت. هەروەها رێگاگرتن لە چوونی پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، مەسەلەیەکە شیاوی گفتوگۆ لەسەر کردنە، لەو رووەوە کە پێشێل کردنی بڕیارەکانە لەلایەنی هونەرییەوە. بۆردوومانەکە پرۆسەیەکی یەکلایەنە بوو ویلایەتە یەکگرتووەکان گرتیە بەر.

جگە لەوەش، نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەکی ترەوە بێ لایەن بوو، چونکە بە درێژایی ماوەیەکی دوورو درێژ ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دەستی ئەنقەست هەولی تێکدانی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەدا.

لەبەر ئەوەی بە هەموو ساکارییەکەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ئامرازێکی داردەست نەبوو بەدەست سیاسەتی ئەمریکاوە.

لە رۆژگاری سەرۆکایەتی رۆنالدریگان (1981-1988) ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو قەرزانەی کە لەلای بوو پێویست بوو بیداتەوە بە نەتەوە یەکگرتووەکان، نەیداوە. ئەوپەڕی هەولو کۆششی خۆی خستە کار بۆ لەناوبردنی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەتایبەت ئەو بەشانەی رێکخراوەکە کە سەبارەت بە مەسەلەکانی جیهانی سێیەم بوون، لە نموونەی یۆنسکۆو هتد بەلام لەگەڵ هاتنی سالانی 1989-1990 بارودۆخەکە گۆڕا. نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتەوە باری پەروەردە کردنو وای لێهات کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لێی رازی بوو، ئەوەی کە روویدا گەڕانەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بۆ ریزەکە.

بە جۆرێکی سەرەکی، نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لە (5) ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش. بەلام کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانی چاوپۆشییان لێ بکەیت. هەمیشە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەناو ئەنجومەنی ئاسایشدا دوو دەنگو بەشێوەیەکی باو سێ دەنگی خۆ بەخۆی هەبووە.

بەریتانیا جۆرە کۆلۆنیالێکی ئەمریکییە. فەرەنساش رەنگە هەندێ ژاوەژاو بکات، بەلام دواتر هاوکاری دەردەبڕن. بەم جۆرە لەکۆی پێنج دەنگ بوونە خاوەنی سێ دەنگ. لەگەڵ هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتیشدا بوونە خاوەنی چوار دەنگ، چونکە رووسیا بووەتە پاشکۆیەك کە لە بەریتانیا گوێڕایەلترە.

ئەمەش مەسەلەیەکە باوەڕ پێهێنانی دژوارو گرانە. (چین)یش زیاتر پشت بە بازرگانی ئەمریکا دەبەستێو زۆرجاریش دەنگ بۆ بڕیارەکان ناداتو بێ لایەنی دەنوێنێ، ئەمەش مانای وایە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجومەنی ئاسایش دەنێتە گیرفانییەوە.

سەرچاوە/ رسالە العراق- ژمارە (78) حوزەیرانی 2001

مایکریفۆن جێگەی فیشەکی گرتەوە لە گفتوگۆی ئیسلامیو عیلمانییەکاندا

عەلی مەحمود محەمەد/ هۆڵەندا

رۆژی 6/23 لە درێژەی چالاکییەکانیدا سەنتەری رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی کوردستان کۆڕێکی بەناوی پرۆژەی ئیسلام بۆ دەولەت بۆ بەڕێزان شێخ عومەرو عەدنان عوسمان رێکخست.

لە سەرەتادا شێخ عومەر وتەکانی بەوە دەست پێکرد کە ئیسلامییەکان لە لایەنێك کاریکەن یان نا پرۆژەیان بۆ دەولەت هەیە.

باسەکەی خۆی کرد بە چوار بەشەوە پێناسی دەولەتو شێوەکانیو پرۆژەی دەولەتو پرۆژەی ئیسلامییەکان بۆ دەولەت ئاوا پێناسی دەولەتی کرد: " کۆمەلێك کەس بە شێوەی هەمیشەیی دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاری کراون لە ژێر سایەی رێکخراوێکی سیاسیدا واتە حکومەتێکدا بە مەرجێك UN و حکومەتەکان دانی پێدا بنێن".

هۆکانی دروست بوونی دەولەتی بردەوە سەر
- خێزانو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان.
- رێککەوتنی کۆمەلایەتی بۆچوونەکانی جان جاك رۆسۆو جۆرج ستیوارت.
- بەرپاکردنی شۆڕشی (ئۆکتۆبەر- شۆڕشی مەحمود).
- ئیستعمارکردنی خاك.
- بیری نەتەوەیی کە بەدوای شۆڕشی فەرەنسی هاتە ئاراوە.
- کۆچ، کۆچی بەریتانییەکان بۆ ئوستralیا، ئەوروپییەکان بۆ ئەمەریکا.

هیجرەتی (محەمەد)ی پێغەمبەر بەردی بناغەی دەولەتی ئیسلامییە.

لە پرۆژەی ئیسلام بۆ دەولەتدا وتی، ئیسلام ئاینێکی شاملو هەمەلایەنە، ئیسلام ئایدۆلۆژیایە نەك تەنها شعائرو طقوس.

هەروەها ئەوەی دەرخست بیرکردنەوەی شیعەو سوننە لەسەر دەولەت جیایە لای سوننە حوکم لە فەرعە بەلام لای شیعە لە ئوسولدایە.

بۆیە لای سوننە کۆمەلگەی خاوەن بیری ئیسلامی گرنگە، بۆیە تا گەل خۆی قەناعەتی بۆ دروست نەبێت جێبەجێکردنی شەریعە گرانە وەکو ئەفغانستانی لێدێت. بە دوایدا چووە سەر ثوابتو متغیرات لە شەریعەدا وتی کۆمەلێك شت هەیە لە شەریعەتدا نەگۆڕە وەکو نوێژ بەلام ژیان لە بەشی متغیراتە، زەمانو مەکان کاریگەرییان لەسەری هەیە، هەر بۆیە فتوا بە گوێرەی زەمانو مەکان دەگۆڕێت. ئەوانەی دەیانەوێت ئاین بکەن بە شتێکی وشك زیانیان لەوانە زیاترە لە دەرەوە دژایەتی دەکەن. بەم هۆیەوە ئەوانەی پرۆژەی ئیسلامییان هەیە 100٪ دەلێن خۆزگە ئەفغانستان هەر نەبوایە چونکە بوە بە طعنو مارسەکە خراپە.

بۆ کوردستانیش ئەگەر خەلافەتیش بگەرێتەوە بۆ ئەوەی کورد خراپتری بەسەر نەیەت وا باشترە لە چوارچێوەی خەلافەتدا دەولەتی خۆی هەبێت پەیوەندییەکی کۆنفدرالی بە خەلافەتەوە هەبێت. کەی خەلافەت بوو بە زولم بتوانێت خۆی لێ رزگار بکات، چونکە خەلافەتیش مرۆڤ بەڕێوەی دەبات. ئەمە لەوانەیە میسالیات بێت بەلام مەشروعی منە.

ئیسلامی میانەڕەو (کە خۆی بە بەشێك لێی ناسان) چەندە مەرجەعەتیان لە ئیسلامەوەیە ئەوەندەش لە واقیعو خاكو گەلەوەیە. ئەمەش دژ بە یەك نین بەلکە تەواوکەری یەکترن. ئەگەر ئیسلام پیرۆز بێت مانای وانییە ئیسلامییەکانیش پیرۆزنو لە خەلك جیاوازن. کارەکانیان لە ژێر رەخنەی خەلکدایەو بە بیری تەکفیری بۆ خەلك دانەنیشتوون.

لە کۆمەلگادا هەموو لە مافو واجبات یەکسانن. پێویستە پرۆژەیان لەسەر بنچینەی دادپەروەری بێت، دەشێت کەسێکی مەسیحی بەشێك بێت لە پرۆژەی ئیسلامی بۆ نموونە ئەندازیارو دکتۆر.

هەروەها وتی پێویستە رێز لە ئیرادەی گەل بگرترێت ئەگەر زۆربەی گەل عیلمانی ویست دەبێت ئیسلامییەکان دان بە ئەنجامەکانی دابنێن. بە مەرجێك ئازادبن لە کاری خۆیانو مافیان پارێزراو بێت لە پەیوەندی کردن بە جەماوەرو کاری سیاسی راگەیاندن، بۆ پێچەوانەکەش هەر رەوایە.

ئەمرۆ ئیسلامیەکان هەندێك دروشمی عیلمانییەکانیان هەلگرتووەو قبولیان کردووە، بە پێچەوانەشەوە. بۆ نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردووکیان وەزارەتی ئەوقافیان هەیە کەچی حکومەتەکان ئیسلامی نین. بەدوای تەواوبوونی باسەکەی بەرێزی ئەوسا نۆرە گەیشتە سەر عەدنان عوسمان لەسەرەتادا ئەوەی باسی کرد کە وتارەکەی شێخ عومەر تەنها بۆچونی لایەنێکی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسییە، نەك هەمووی. لە کوردستاندا عیلمانییەت نەهاتووە خۆی پێناسە بکات، بەلکە چەپی توندڕەوو ئیسلامییەکان پێناسەیان کردووە، بۆیە عیلمانیەت لە کوردستاندا عیلمانیەتێکە ئیسلامی سیاسیو هێزە دەسەلاتدارەکان دەیانەوێت، سەلەفیەکان عیلمانیەت تەنها بە جیاکردنەوەی دین لە دەولەت پێناس دەکەن. بەلام پێش هەموو شت عیلمانییەت باوەڕبوونە بە عەقل نەك بە نەقل. عیلمانییەت بۆ دژایەتی کردنی ئاین نەهاتووەو بەنیازیش نییە شعوری خەلك بریندار بکات. بەلکو تەنها دەیەوێت نفوزو ئۆتۆریتەی پیاوانی ئاین لە کۆمەلگاکەدا کەم بکاتەوەو رێگە نەدات کۆمەل بە دەقی 2-3 هەزار سال لەمەوبەر بەڕێوەبەرن.

بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی شێخ عومەر زۆربەی بیرمەندانی ئیسلامی لەو باوەڕەن خەلافەت لە خواوە هەلقولاوە، هێزی لە خواوەیەو جێگەی رەخنە نییە، هەموو رەخنەیەك لە رابەر رەخنەیە لە خوا.

پاش باسکردنی هەندێك لایەنی مێژوویی سەردەمی هاتنەمەیدانی ئیسلام بەدواییدا هاتە سەر باسکردنی شوراو وتی لە شاوەرەوە هاتووە، مەورودی دەلێت لە ئیسلامدا تەشریع نییە بەلکو شەریعە هەیە. ئەو شورایەی ئەمرۆ لە سعودیە هەیە کە ئەمیر دیاری دەکات هەر ناوەرۆکی کۆنەکەیە. ئەمەش سیستەمێکی دواکەوتووترە لەو سیستەمەی لەپێش ئیسلامدا هەبووە.لە پاشدا وتی لە سەرەتای ئیسلامدا زۆر ئایەت لەکار خرا بۆ دەبێت ئێستا نەتوانین تەنها قسە بکەین.

باسەکەی بەوە کۆتایی پێهێنا کە ئێستا سیستەمێکی مۆدێرن هەیەو کەرامەتی مرۆڤی تێدا پارێزراوەو گەورەترین زامنی دەستورو ئازادییە کەسایەتییەکان، دەبێت بۆ بیخەینە لاوەو هانا بۆ سیستەمی کۆن ببەین.

بەدوای قسەکان هەردووکیان ئەوجا دەرگای گفتوگۆ خرایە سەرپشت بەشداربووان بەبۆچوونی جیاجیاوە قسەی خۆیان کرد، رەخنە لە هەردوولا گرترا تەنانەت شێخ عومەر لەلایەن برایانی ئیسلامیشەوە کەوتە بەر رەخنە. لە وەلامی بەشداربوواندا شێخ عومەر جەختی لەسەر مافی ئافرەتان کردو دژی تیرۆری ئافرەتان وەستایەوە وتی بەهیچ دەلیلێك کەس بۆی نییە ئافرەت بکوژێت.

دەکرێت ئەم کۆڕە بکرێت بە ئەزموونێك لە کوردستاندا درێژەی پێبدرێت. کەس تێیدا زەرەرمەند نییە تەنها توندڕەوی نەبێت، لەژێر هەر پەرچەمێکدا خۆی شاردبێتەوە.

سەرکەوتنیش بۆ ئەوانەیە بوێرانە داکۆکی لە بیروباوەڕەکانیان لە بەردەم جەماوەردا دەکەن.

هونەرەکانی رۆژنامەنووسی

نووسینی (د. القیس الیاسری)

وەرگێڕانو ئامادەکردنەوەی: سەلام کەریم – زانکۆی سلێمانی

ئەلقەی نۆیەمو دەیەم ——————— بەشی یەکەم

تەحریری وتار

ئەو وتارەی ئەمرۆ لە رۆژنامەکاندا دەبینرێ، درێژکراوەی هەمان ئەو وتارە ئەدەبیانەیە لە ئەوروپاو لە سەردەمی رێنسانس، سەری هەلداوە، جۆری وتارەکان زۆرن: وتاری ئەدەبی، وتاری رۆژنامەنووسی، وتاری زانستی، وتاری چیرۆکی، وتاری کاریکاتێری.. هتد، ئەو وتارەی زیاتر پەیوەست بێت بە کاری رۆژنامەنووسیەوە، سەروتارو ستوونی رۆژنامەنووسییە.

سەروتار: (Editonid Article)

لەبەر گرنگی سەروتار، زۆر بە دەگمەن رۆژنامەیەکی رۆژانە، بەبێ سەروتار دەبینرێ، لە هەندێ رۆژنامەدا لاپەڕەی یەك بۆ ئەو مەبەستە تایبەت دەکرێ، ئەمەش گوزارشتە لە بیرۆبۆچوونی تایبەتمەندو پسپۆڕەکانی لەبارەی نوێترین رووداو.

بە شێوەیەکی بنەڕەتی سەروتار خولانەوەیە بە نێو بازنەی نوێترین و گرنگترین رووداوی ساعەدا، بە واتایەکی تر، گرنگترین هەوالی ساعە دەبێتە مەیدانی سەروتار، بەشێوازێکی هەرەمی رێك دەنووسرێ، سەرەتا بە خستنە رووی بیروڕای خۆمان لە بارەی رووداوەکەوە دەست پێ دەکەین، ئینجا بەلگە بۆ بەهێزیو سەلماندنی بیروڕاکانمان دەهێنینەوە، بە دەرەنجام (الاستنتاج)ی نووسینەکە .. کۆتایی بە سەروتار دێ.

باشترین سەروتار، ئەو جۆرەیە، بەلگەی رازیکەر (مقنع) و زانیاریو ژمارەو ئاماری لەگەڵ خەلفیەتی رووداوەکانو تەنەبوئی داهاتووی تێدا بێو، ئەوانەی سەروتار نووسن، کۆمەلێکی کەمی رۆژنامەنووسان پێك دەهێنن، چونکە سەروتار گوزارشتە لە دیدگای رۆژنامە و ناوو ئیمزایی کەسی لەسەر نییە.

(رای تیل) ئاماژە بۆ گرنگی سەروتار و لێهاتوویی نووسەری سەروتار دەکا لە رۆژنامەی ئەمریکیدا، کاتێك، دەلێ: "بیر لە نووسینی هیچ سەروتارێك مەکەوە لە رۆژنامەیەکی گەورەدا، پێش ئەوەی سەرت سپی بێت.." (1).

سەروتار لە رووی گرنگیەوە لە رۆژنامەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ گرنگیەکەی زیاتر دەبێت، گەر رۆژنامەکە زمانحالی حکومەت یان یەکێ لە پارتەکان بێتو پێویستی بە وردی و رۆچوونی زیاتر هەیە، هەندێ لە رۆژنامەکان کۆبوونەوەی رۆژانە بە مەبەستی نووسینیو هەلبژاردنی سەروتار، ساز دەدەن.

هەندێك مەرج بۆ سەروتار و نووسەری سەرکەوتوو بەهەند گیراون، لەوانە:

1. دەبێت نووسەری سەروتار راستیەکان بەتەواوی و بە ئەمانەتەوە بخاتە روو.
2. زانیاری و راستیەکان بۆ چەند خالێکی بابەتی کورت بکاتەوە.
3. نابێ ئارەزوو سوودی تاکەکەس تێکەل بە سەروتار بکرێ.
4. رەچاوی رای بەرامبەر بکرێتو بخرێتە روو.
5. چاوخشاندنەوە بەئەنجامی سەروتارداو راستکردنەوەی هەلەکان.
6. لە خەسلەتەکانی نووسەری سەروتار، زیرەکی، ئازادیو بە ویژدانی..(2)
7. سەروتار، بەدواداچوونو رای تر هەلناگرێ، بۆیە تا دەکرێ بابەتیانە بخرێتە روو، زۆرترین راستی لەخۆ بگرێ.(3)
8. بیرکردنەوەی قوول لە بابەتەکانو جێگیری لەسەر هەنگاو راکان.
9. دەبێت خوێنەری سەروتار .. وا هەست بکات نووسەرەکە، بە تەواوی لە باسەکەیدا قالبووەتەوە، ئەگینا ئەو کاریگەرییەی نابێت.(4)
10. نابێت نووسەر خۆی بە مامۆستا بزانێوفەرمانی داخوازی بەکار بهێنێ.(5)
11. گەر سەروتار لێدوان بوو لەسەر هەوال، مەرجە هەمان رێگەکانی تەحریری هەوال رەچاو بکرێ.(6)
12. دوورگرتن لە درێژیو ئالۆزی سەروتار، چونکە سەروتار دووجار ناخوێنرێتەوە.(7)

سەرچاوەو پەراوێز:

1. لیونارد رای تیلو رون تیلور ، مدخل الی الصحافة.
2. فریزر بوند، مدخل الی الصحافة، ترجمة بیروت، دار بدران ص 292.
3. (Grantminoe Hyde, Humn - Int)
4. توماس بیری ص 216.
5. محمود فهمي، الفن الصحفي، دار المعارف ص 135.
6. روبرت دیمون ص 98.
7. ج.رادفورد ایفانس ، صحافة للادموع، ترجمة باحثة الجومرد.(موسوعة صغیرة) ص 64.

ستوونی رۆژنامەنووسی (The Coiumn)

ستوونی رۆژنامەنووسی، بە خاوەن زۆرترین جەماوەر دادەنرێ لەنێو بابەتەکانی رۆژنامەدا، ئەم بایەخ پێدانەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی دەیبەخشێ، لە سوود و رۆشنبیریو گالتەجاڕیو جەدەلو، بابەتێکی سەرنج راکێشەو بۆ چارەسەری هەموو کێشەکانو لە هەموو کاتێکدا دەشێ.

ستوونی رۆژنامەنووسی هەندێ جار بە گۆشەی رۆژنامەنووسی ناودەبرێو گوزارشت لە راوبۆچوونو شێوازی نووسەرەکەی دەکاتو ناوەکەشی لە سەرەیەتی، ستوون بابەتێ یان کۆمەلە بابەتێ لەخۆ دەگرێ، بەهۆی هێمای چاپەوە لە یەکتر جوێ دەکرێنەوە، بابەتەکانی دەکرێ پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەبێتو دەکرێ بابەتی سەربەخۆ بن.

زۆربەی رۆژنامەکان لە هەولی ئەوە دان، ستونی رۆژانەیان هەبێت، کە نووسەرێکی خاوەن شێوازێکی گالتەجاڕ دەینووسی، تا هاوسەنگییەك لە نێوان گالتەکردنو رەقی قسەکانیدا دروست بکات، پەندو ئەفسانەش تێکەل بە ستوون دەکرێ، هەرچەندە ستوونی رۆژنامەنووسی وەکو کارێکی ئاسان دەردەکەوێ، بەلام لە راستیدا. لە ئالۆزترین هونەرەکانە، بە تایبەتی ئەگەر ویسترا رۆژانە بێت.. کەمن ئەوانەی لەو بوارە دا داهێنان دەکەن، لەوانەش کەمتر، ئەوانەن، بەردەوامی بەو کارە دەدەن.

ستوونی رۆژنامەنووسی وەك لە پێناسەی ئیسنکلوپیدیای بەریتانیدا هاتووە، بریتییە"لە وتاری نووسەرێك لە رۆژنامەیەکدا، ناو و ئیمزای نووسەری لەسەرەو بە شێوەیەکی رێكو پێك دەردەچێت، دەکرێ، جیددی یان گالتەجاری بێتو لە بازنەی بابەتێکی ژیانی گشتی دا دەخولێتەوە، ستوون رەنگدانەوەی زەوقی نووسەر و گوزارشتە لە بیروراکانی دەتوانی گرنگی بە کلاوی ژنان یان سیاسەتی دەرەکی یان فرۆشراوەکانی بازار بدات.."

دکتۆر عەبدوللەتیف حەمزە لە کتێبی "المدخل الی فن التحریر الصحفي" دا خەسلەتەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی بۆ پێنج خەسلەت، پۆلێن دەکات:

(جوانی شێواز، رەگەزی گالتەجاڕی، رەگەزی زاتی، شێوازی هەرەمی رێك لە داڕشتندا، رەوانی لە گوزارشتدا) ئەم پۆلێنە لە رووی تەعبیرەوەیە (1) جۆرەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی، هەندێك بە سێ جۆری لە قەلەم دەدەن: (ئەو ستوونەی پشت بە نوێترین رووداو دەبەستێ، ئەو ستوونەی بایەخ بە شتە باوەکانی کۆمەلگا دەدات، ئەو ستوونەی کە بە هەزەلی ناسراوەو چارەسەری هەموو بابەتەکان بە شێوازی گالتەجاری دەکات) بەلام "فریز یوند" ستوونی رۆژنامەنووسی بۆ چەند جۆرێك دابەش دەکات:

گۆشەی جێگیر: چارەسەری هەمان بابەتەکانی سەروتار دەکات، بەلام بە گرنگییەکی کەمترو بە شێوازێکی ئاسانتر دەخرێتە روو.

وتار/ ئەم جۆرەی ستوون لە دەرگای هەموو بابەتە گالتەجارییەکان دەدات بە قالبێکی چەنەبازیدا دەیبات، بنەمای بنەڕەتی ئەم شێوازە، ئەوەیە ئامۆژگاری تێدانییە.

گۆشەی وتی وتی (قیلو قال): لە گرنگترین ئەو بابەتانەی لەم گۆشانەدا دەخرێنە روو، ئاشکرا کردنی دەمامکە لەسەر پەیوەندیە کەسیەکان.

گۆشەی کێشو سەروا: بریتی لەو سرودو شیعرانەی، شاعیرێك یان کۆمەلێك شاعیر دەینووسن، زیاتر ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێ کە مۆرکێکی مرۆڤایەتییان هەیە، خۆشەویستی دایك، خێزان، باسی سروشت، دار، گول).

گۆشەی شاراوەکان: زۆر لە گۆشەی وتی وتی دەچێ، ئەوەندە نەبێ ئەمەیان زیاتر لە دەوری ناوی سەرەك حکومەتو سیاسیو شێخەکان، دەخولێتەوە.

پەراوێزو سەرچاوە:

1. عبدالطیف حمزه، المدخل الی فن التحریر الصحفي القاهرة 1964 ص 241
2. ئەوەی :فریز یوند" لێکۆلینەوەیە، دەربارەی گۆشە لە رۆژنامەگەری ئەمریکیدا.